گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue 5 2024
ID No. 2164 (PP 79-91)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.5.5

توێژینەوە

# یەکتربڕی ئەرکی کەسایەتییەکان وجۆری ڕووداوەکان لەسەر (برانچینگ)ی دەقدا هۆنراوەی "هەڵوێستێك"ی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی وەك نموونە

**ئەحمەد محەمەد مام عوسمان/** ڕاوێژکاری پەروەردەیی خانەنشین

**عبدالله رحمان عەولا/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی مەخمور، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لەبارەی یەکتربڕی ئەرکی کەسایەتییەکانە لەسەر جۆری ڕووداوەکانی نێو دەقی هۆنراوەداو چۆنیەتی هاوسەنگیکردنی ئەنجامەکانیان، کە بەپێی پلەبەندی لادانی واتاییەوە، زمانی شیعری لەسەر ڕووبەری برانچینگی دەق چالاك دەکات. لە شیکردنەوەی مولتی سترەکچەرەکەیشیدا، هەوڵدراوە توێکاری بۆ ئەو ڕووبەرە بکرێت، کە لە سێ لایەوە وردەکارییان لێکدراوەتەوە: لایەنی یەکەم، لەڕووی تەکنیکییەوە ڕووبەرەکەی بۆ سێ بازنەی جیا دابەشکراوە: بازنەی ڕووناك، کە ناوەندی دەق دەگرێتەوەو تێشکێکی زۆر خراوەتەسەرو بووەتە تەوەری سەرەکی و لایەنەکانی دیکە لەدەوری دەخولێنەوە. بازنەی سێبەر، کە تەمومژاوییەو تا ڕادەیەکیش ڕووداوەکانی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەکەون. بازنەی گۆشە تاریکەکانی قەراغی ڕووبەرەکە، کە دابڕانێك لەنێوان کەسایەتییەکان و ڕووداوەکاندا هەیە و پرسیارگەلێك دەورووژێنن و وەڵامدانەوەیان بۆ خوێنەری دەقەکە بەجێدێڵن. لایەنی دووەمیش، لە ڕووی هزرییەوە پشت بە دەرهاوێشتەکانی چەندین ڕێبازی ئەدەبییەوە بەستووە ناوەرۆکێکی فرە بژاردەیی پێکهێناوە. لایەنی سێیەم، لەبارەی ڕۆڵی کەسایەتیەکانە، کە بەپێی ڕێژەی ڕووناکی هەر بازنەیەکەوە گفتوگۆکانیان لەنێوان دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و بێدەنگیدا دەستنیشانکراون.

CORRESPONDENCE
عبدالله رحمان عەولا
abdulla.awla@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/04/30
پەسندکردن 2024/06/12
بڵاوکردنەوە 2024/10/15

**وشە سەرەکییەکان:**
کەسایەتی
ڕووداو
برانچینگ
بازنەی ڕووناك:
بازنەی سیبەر:
بازنەی تاریک:

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەكی :**

ناونیشانی توێژینەوەكە: یەكتربڕی ئەركی كەسایەتییەكان و جۆری ڕووداوەكانە لەسەر (برانچینگ)ی دەقدا ـ هۆنراوەی "هەڵویستێك"ی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی وەك نموونە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت كە زیاتر لە كەسایەتییەك كاریگەرییان لەسەر چەندین ڕووداوی نێو دەقێكی فرەبونیاددا هەیە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتی تویژینەوەكە: ڕووبەری دەقی ئەدەبی پانتایەكی فراوانەو كارە زانستییەكانی توێژەران لەنێو سنوورەكانی ئەودا ئەنجامدەدرێن. هەموو گرێ تەكنیكییەكان و ئاڵۆزییە واتاییەكانی دەق هەڵقوڵاوی ئەو ڕووبەرەن، ئەویش پێویستی بەتوێژینەوەی ورد هەیە، كە لایەنی برانچینگی دەق هێشتا ناڕوونی پێوە دیارەو بووەتە بژاردەی ئەم توێژینەوەیە.

كێشەی توێژینەوەكە: لەنێو لێكۆڵینەوە ئەدەبییەكانی كوردی دا زۆر باسی ڕۆڵی كەسایەتییەكان و كاریگەری شوێن لەڕێڕەوی ڕووداوەكانی نێو دەقدا كراوە، بەڵام كەم لە برانچینگی دەق كۆڵراوەتەوەو ئەگەر كرابێتیش لە ئاستی تویكاری دەقدا تێنەپەڕیوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بۆ ڕێكخستنی پێگەو ئەركەكانی فرەبونیادی لە دەقدا تەرخانكراو.

ئامانجی توێژینەوەكە: لەڕێگەی تویكاری دەقی هۆنراوەكەو شیكردنەوەی ناوڕۆكەكەیەوە بگەینە ئەو ئەنجامانەی كە گریمانەی توێژینەوەكە لەسەری بونیادنراوەو دەتوانین لەم پرسیارەدا كورت بكەینەوە: (ئایا دەكرێت ڕووبەری دەقی هۆنراوەكە كۆكراوەی چەندین لق و پۆپی پەلهاوێشتەی بونیادی خۆی بێت؟)

ڕێبازی توێژینەوەكە: بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی توێژینەوەكە، ڕێبازەكانی (وەسفی و شیكاری)مان بەكارهێناوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەكە لەسەر بنیادنراوە بەدی بهێن.

پێكهاتەی توێژینەوەكە: لە دوو بەش پێكهاتووە. بەشی یەكەم لە دوو تەوەردا چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەكە لەخۆدەگرێت. لە تەوەری یەكەمدا زاراوەو چەمك و تایبەتمەندییەكانی برانچینگی دەق شیكراونەتەوە. تەوەری دووەم بۆ لێكدانەوەی ڕەهەندە تەكنیكییەكانی فۆرمی هۆنراوەی (هەڵوێستێك) تەرخانكراوە. بەشی دووەمیش لە دوو تەوەر پێكهاتووە. لە تەوەری یەكەمدا، بەها ئیستاتیكییەكانی برانچینگی هۆنراوەكە بەپێی ڕێژەی ڕووناكییەكانی دابەشكراو لەسەر ڕووبەری دەقەوە شیكراونەتەوە، كە لە ناوەندە ڕووناكییەكەی فۆرم و بازنەی سیبەرو گۆشە تاریكەكانی قەراغی دەقەكە پێكهاتووە. تەوەری دووەمیش لەبارەی مەبەستە ژیرییەكانی هۆنراوەی (هەڵوێستێك)ـە. لە كۆتاییدا ئەنجامەكان و لیستەی سەرچاوەكان و كورتكراوەی توێژینەوەكە بە زمانانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## 1: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەكە

### 1-1-تەوەری یەكەم: زاراوەو چەمك و تایبەتمەندییەكانی برانچینگ

### 1-1-1 -زاراوەو چەمك:

برانچینگ (Branching) وەك زاراوە لەنێو فەرهەنگە ئەدەبییەكانی گەلانی دیكەدا جێگیركراوەو چەمكەكەیشی بە بنیاتێكی ئاوێتەیی یان پێكهاتەیەكی فرەلق شیكراوەتەوە، كە واتاكەی ـ لەبنەڕەتدا ـ لە دابەشكردنی دارێك بۆ لقەكان وەرگیراوە .(Ghazala, 2000: 11) ئەم دابەشكرنە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، كاتێك واتای (Branching) بە ((وێنەكردنی شێوەیەك دەچوێنرێت كە بە دارێكی سەرەوژێر بچێت بۆ ئەوەی بەشە سەرەكییەكان و بەشە لاوەكییەكان و پێوەندییەكانیشیان لەمیانی پێكهاتەی ڕستەیەكدا دیاربن)) ,Al Khuli) (35 :1991.لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە (Branching) ـ برانچینگ (لە دوو مۆرفیم پێكهاتووە): برانچ ـ (Branch مۆرفیمێكی سەربەخۆیە و بەواتای (شالق ـ چڵ، لقی (ڕێكخراو)، بەش، فرێز: لقی لێ دەبێتەوە) ( Nawkhosh, 2006: 41) دێتIng - ) .ینگ)یش مۆرفیمێكی بەندە ئەركی هەیە، كە وەك ((پاشگر بۆ داڕشتنی ناوی بكەر بەكاردێت، یان پاشگرێكە واتای كارێك یان ئەنجامی كردەوەیەك دەدات(Baalbaki, 1999: 466) ((، كەواتە ئەركەكەی گۆڕینی واتای ناوی (لق، پەل) بۆ كردەوەی (فرەلق بوون) یان (پەلهاوێشتن)ـە. ئەم گۆڕانكارییە لەڕووی ڕەوانبێژییەوە كەلێنێكی هاوتەریب لەنێوان زاراوەو چەمكەكەیدا دروست دەكات. لەڕووی ئەركیشەوە بەكردەوەیەكی داهێنان ئاسا لەهەر پرۆسەیەكی تویكاری دەقدا لێكدەدرێتەوە. لە ئەنجامی لێكدانەوەی هەردوو لایەنی ئەم پرۆسەیەش، ئەو ڕاستییە بەدی دەكرێت، كە هەڵوەشاندنەوەی دەق بۆ چەند پارچە دەقێكی بچووكتر هاودەقێكی سەرەكی بەرهەمدێت و یەكێ لە پارچەكان دەبێتە سەنتەر و ئەوانی دیكە لە دەوری دەخولێنەو لەسووڕانەوەیەكی بەردەوامدا دەبن و ئەم جووڵانەوەیە زیندوویەتی بە دەق دەدات. ئەم زاراوەیە لە زانستەكانی دیكەیشدا بەكاردێت، بۆ نموونە لە دەروونناسیدا گوزارش لە یەكێك لە بەرنامەكانی فێربوون دەكات (البرنامج المتشعب - Branching program)، ئەم بەرنامەیەش ((هەڵوێستێكی فێربوونی سیستماتیكە كە پرۆسەی فێربوون تێیدا بەپێی ڕێڕەوێكی دەستنیشانكراو دەڕوات و پشت بە وەڵامدانەوەكانی چاكخواز دەبەستێت،

کە لە چاکخوازێکەوە بۆ یەکی دیکەوە جیاوازی هەیە)) (الحجازی، 2012: 72). ئەم هەڵسەنگانەی ئاستی چاکخواز لە دەروونناسی پەروەردەییدا زۆر نزیکە لە هەڵسەنگاندنی دەق لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، کە هەردووکیان لەڕووی پرەنسیپ و ڕێساکانەوە وەك یەکن، بەڵام جۆرو قەوارەی کەرستەی کارکردنیان جیاوەزە، بۆیە ئەنجامی پشکنینی چاکخوازو هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیش بەپێی تایبەتمەندی کەرستە بەکارهاتووەکانەوە دەردەچێت.

لە فەرهەنگە ئەدەبییەکانی کوردیدا تەنیا ئاماژە بە زاراوەی) برانچ ـ Branch) کراوەو چەند جارێك وەك ناو دووبارەبووتەوە (لیژنەیەك، 2006: 12، 85)، بەڵام ئاوڕیان لە زاراوەی (برانچینگ ـ فرەلقبوون) نەداوە. ئەم بایەخپێنەدانەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە وەك کارێکی زانستی لەسەر دەقەکی ئەدەبی پراکتیزە نەکراوە. هەر کارێکیش کە نەکرابێت، یان تەنانەت لە پەراوێزی بابەتێکیشدا ئاوڕ لێ نەدرابێتەوە، ئەستەمە لەڕووی تێرمنۆلۆژییەوە زاراوەیەکی تایبەت بە خۆوە هەبێت. ئەگەر ئەم هەردوو دۆخەی سەرەوە بەراوردبکرێن، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە بۆشایەك لەبارەی (برانچینگ) لەنێو توێژینەوەکانی ئەدەبی کوردیدا هەیەو تا ئێستا پڕنەکراوەتەوەو وەك کەرەستەیەکی خاو ماوەتەوە. ئەم بایەخپێنەدانە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە لەنێو فەرهەنگەکانی زمانیشدا ڕاڤەنەکراوە، بۆیە لەڕووی زانستییەوە دەکرێت لێی بکۆڵرێتەوەو چەمکی شی بکرێتەوەو تایبەتمەندییەکانی لێکبدرێنەوەو کاریگەریشی لەسەر یەکتربڕی ڕەگەزەکانی دەقدا دەستنیشان بکرێت. ئەم بۆچوونەیش ئێمە نزیکی ئەو ڕاستییە دەکات، کە دانانی زاراوەیەکی تایبەت بە هەر ناوەڕۆکێکی بێ فۆرمی دەستلێنەدراو کارێکی ئاسان نییە. لەسەرەتاوە پێویستە چەمکەکەی شی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی دەستنیشان بکرێن و پێوەندییان لەگەڵ دەربڕینەکانی دیکەی دەقدا ڕێك بخرێن و پێگەیان لەنێو ڕستەدا ڕوون بکرێتەوە. ئەوەی لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیە، کە ((کردەوەی زاراوەیی چەند ئەرکێکی زمانەوانی و زانستی و گەیاندن جێبەجێ دەکات)) (وغلیسی، 2008: 42). ئەم کارەش ئەستەمە ئەنجام بدرێت، ئەگەر وەك توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر دەقێکی ئەدەبی پراکتیزە نەکرێت. لە توێژینەوەیەکی نووبەرەشدا وا بەپێویست زانرا، کە هەر زاراوە پەسەندکراوەی ئینگلیزی بەکاربهێنرێت، تا ئەو کاتەی دەزگە پێوەندارەکان بڕیار لەسەر دانانی زاراوەیەکی تایبەت بە ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە بدات، یانیش هەر زاراوە بیانییەکەی جێگیر بکات.

### 2-1-1 تایبەتمەندییەکانی برانچینگ

زاراوەی برانچینگ وەك چەمکێکی ئەدەبی لەنێو توێژینەوەکانی ڕەوانبێژیی و شێوازگەرایی‌دا بەکاردێت و یەکێکە لە تەکنیکەکانی ڕەخنەی نوێ، کە لە قووڵایی پێکهاتەکانی دەق دەکۆڵێتەوەو لەڕوونکردنەوەکانیشیدا چەندین جۆری هێڵکاری بۆی دەکرێت، چ بەشێوەی دارێکی لقدار بێت، یانیش وەك نەخشەیەکی کۆنسێپشنەوە ڕێك بخرێت. ئەم تایبەتمەندییەش لە برانچیگدا زیاتر بۆ پۆلینکردنی بەشەکانی دەق و دەستنیشانکردنی ئەرکەکانییەتی. لەم ڕووەوە زیاتر نێزیکی تەکنیکەکانی ڕەخنەی فۆرمالیستی دەبێت؛ چونکە لەڕووی ڕەوانبێژییەوە جەخت لەسەر لایەنی زمانی دەق ناکات و لەڕووی شێوازگەراییەوە بەرەو لایەنەکانی دەربڕینەوە ناڕوات، بۆیە وەك ئامرازێکی ڕەخنەیی لە سێ کۆچکەی مۆڵتی سترەکچەری دەقدا دەکۆڵێتەوە. ئەگەر بەشێوەیەکی وردتر ئەم ئەرکە فرەلایەنەی کردەوەی پەلهاوێشتنی دەق لێك بدەینەوە، وا پێویست دەکات، کە ڕەخنەگر لەنێو کارە پێشنیارکراوەکەیدا، تەنیا برانچینگ لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە شی بکاتەوە.

### 1-2-1-1 بنەماکانی شیکردنەوەی فۆرمی برانچینگ:

هەر دەقێکی ئەدەبی لەڕووی فۆرمەوە، بەهەمان شێوەی دارێکە، کە لقێکی سەرەکی هەیە و چەند لقی لاوەکی لێی دەبنەوە، دەقەکەیش لە بونیادێکی سەرەکی و چەند بۆنیادێکی لاوەکی پێکدێت. ئەم شێوەیەش بەپێی یەکتربڕی ئەرکی کەسایەتییەکان و جۆری ڕووداوەکانەوە بۆ سێ بەش پۆلین دەکرێت:

ئا ـ بەشی یەکەم بونیادی سەرەکییەو ناوەندی دەقەکە دەگرێتەوەو تیشکێکی زۆر دەخرێتەسەری و بەبەشی ڕووناکیش ناودەنرێت. ڕووداوەکان دیارن و دیالۆکیش لەنێوان کەسایەتییەکاندا بەڕوونی ئەنجامدەدرێت.

ب ـ بەشی دووەم، بونیادی لاوەکییەو کەمتر ڕووناکی دەخرێتەسەر، بۆیە بەبەشی سیبەریش ناودەنرێت, بەشێوەیەکی بازنەیی لە دەوری ناوەندەوە دەخولێتەوەو ڕووداوی لاوەکی لەلایەن یەکێ لە کەسایەتییەکانەوە ئەنجامدەدرێت. لێدوانەکانیشی زیاتر بەشێوەی مۆنۆلۆگێکەوە دەردەبڕێن.

پ ـ بەشی سێیەم، بونیادی گۆشە تاریکەکانە، کە قەراغەکانی ڕووبەری دەق دەگرێتەوەو بازنەیەکی بێدەنگە، نە کەسایەتێك ڕۆڵێ دەنوێنێت و نە ڕووداوێکیش کاریگەرییەکی هەیە، بەڵکو هەر گۆشەیەك کەلێنێکەو چەند پرسیارێك دەورووژێنێت و ئاڕاستەی خوێنەر دەکرێن.

لە سونگەی دابەشکردنی سەرەوە، دەتوانرێت بەکورتی ڕووبەری فۆرمی دەقەکەی دارئاسا، بۆ سێ بونیادی جودا دابەش بکرێت: بونیادی ناوەندی، کە کەسایەتیی سەرەکی لەنێو دیالۆگەکانیدا ڕێڕەوی ڕووداوەکان دەسووڕێنێت. کاریگەری خۆی لەسەر بونیادەکانی دیکەدا هەیە. بونیادە لاوەکییەکان، کە لە مەنەلۆگەکانی سەرنجڕاکێشی تیشکدەر دەستپێ دەکات و بە شێنەیی لەمیانی چەند بازنەیەکی سیبەردا تێدەپەڕێت و تا هێزی ڕووناکی تەواو دەبێت و زیاتر لایەنی فانتازیاو دەقەکە دەگرێتەوە. بۆنیادی سێیەمیش بوار بۆ ئەنجامی پرسیارگەلێکی وروژێنەر تەرخان دەکات و لەنێو گۆشە تاریکەکانی دەقدا ون دەبێت.

### 2.2.1.1 بنەماکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی برانچینگ:

چەمکی برانچینگ لەدوای سەرهەڵدانی ڕەخنەی نوێ پەیدابووە. ڕەخنەی نوێش هاوتەریب لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئەدەبی مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات بەتایبەتی، کە ((تیۆری نوێی جورەکان بەڕوونی وەسفییەو نە ژمارەی جۆرەکانی پێویست سنووردار دەکات و نە نووسەرانیش بە چەند ڕێسایەکی دەستنیشانکراوەوە پابەند دەکات، بەڵکو ئەو گریمانە وەردەگرێت، کە دەکرێت چەند جۆرێکی باو تێکەڵ بکرێن و جورێکی نوێ لێی بەرهەم بێت)) (Wellek, 1980: 234-235) . ئەم بۆچوونەیش هەر ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە ((کاری ئەدەبی بونیادێکی ئاوێتەیيە و لە چەندین توخم پێکدێت و هەر توخمێکیش کارلێککردنێکی ئێوخۆیی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەکات و پێوەندییەکانیشیان بەپێی ڕێساکانی لۆژیکەوە بنیات نانرێن، چونکە لۆژیك لە سروشتی زانستە)) (عبدالرحمن، 1979: 61). ئەمەیش بۆچوونێکی سەلمێندراوەو جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکات، کە((ڕێکخستنی لۆژیکی بۆ مەبەستە هەڵچوونەکان شتێکی ئەوەندە پێویست نییە و زۆر جار بە ئاستەنگێك لە ئاستەنگەکانیشی دادەنرێت)) () لەم بارەوە ڕاستییەك سەرهەڵدەدات و زۆربەی نووسەران لەسەری کۆکن و لەو باوەڕەدان، کە پێوەندییە ناوخۆیەکانی دەق لەگەڵ پێوەندییە بابەتییەکانی ژیان لەکارلێککردنێکی بەردەوامدان. ئەم بۆچوونەیش خۆ نزیکی ئەو ئەنجامە دەکات، کە ((بیرو بۆچوونەکانی باو مولکی گەلن، بەڵام کە لەنێو سیستمێکی سینتاکسی ڕێکخران، دەبنە هونەرو مولکی نووسەرەکەیەتی)) (عبدالمطلب، 1994: 132-133). هەر لەم بارەوە لەدوای پێشکەوتنی جووڵانەوەی زانستی لە سەدەی نۆزدەیەمەوەو دواتر پێشکەوتنی ئابووریش هاتە کایەوە، پێویستییەکانی مرۆڤی سەردەم زۆربوون، بۆیە بیرکردنەوەی تاك گەشەی کردو چالاکییە زەهنییەکانیشی هەمەرجۆر بوون و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەدەبیش هەبوو. دەقی ئەدەبیش وەك ((کارێکی داهێنانی بەردەوامەو لەواقیعدا پەیوەستە بە ڕێڕەوی گشتی کردەوەکانی ژیانی ڕۆژانەو تەنیا گروپێك لە پسپۆران ئەوانەی خۆ بە داهێنەر دەناسێنن پێی هەڵناستن، بەڵکو هەموو تاکەکان لەژیانی ڕۆژانەدا و لە سیاقی چالاکییە ئاساییەکانی ژیاندا تێیدا بەشدارن)) (الحسين، 2009: 288). ئەم نزیکبوونەوەی ئەدەب لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە، واتای ئەوە نادات، کە ئەدەب سروشتی خۆی لەدەستدەدات، بەڵکو لەدوو لایەنەوە دەستپاکی خۆی بۆ ئەو سروشتە دەپارێزێت: لەلایەکەوە؛ کاتێك کارلێککردنێك لەنێوان هەستی مرۆڤ و وردەکارییەکانی ژیاندا ڕوودەدات و تێکەڵی ئەندێشەی دەبێت و ب شێوازێکی ئەدەبی دادەڕێژرێت. لەلایەکی دیکەوە، مەرج نییە هەر کارێکی ئەدەبی لەژێر هزرێکی تایبەتەوە، یانیش تەنیا وابەستەی بیرکردنەوەیەکی باوەڕپێکراو بێت. بەپێچەوانەوە، دەکرێت پشت بە پرەنسیپەکانی چەندین ڕێبازی ئەدەبی ببەستێت و بۆ هەر پێویستییێکی خوازراویش هەڵویستی خۆی هەبێت. ئەمەش نزیکی ئەو بۆچوونەی سەلمێندراو دەبێت کە ((ئەدەب کیانێکی سەربەخۆوەو ڕۆڵیشی لە ژیاندا هەیە، لەڕێگەی ئەوەوە هەندێ ڕاستییەکانی ژیان دەدۆزرێنەوە کە پێوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە)) (اسماعيل، ب. ت، 18).

لە لێکدانەوەی بۆچوونەکانی سەرەوە، نزیکی ئەو ئەنجامە دەبین، کە کاتێك ئەدەب و جڤاك یەکتر دەگرنەوەو لەنێو دەروونی مرۆڤدا شۆڕدەبنەوە، دەرهاوێشتەی پێوەندییەکانیشیان وێنەی سروشتی مرۆڤ پێشاندەدات و لەنێو دەقە ئەدەبییەکان و بە تایبەتی لە شیعردا دەردەبڕێن. ئەوەی ئەو دەربڕینانەیش شیدەکاتەوە ڕەخنەی ئەدەبییە، بەتایبەتی کە ((بایەخ بەپێوەندییە تێکهەڵکێشراوەکانی نێوان واتاکاندا دەدات و بەرەو وردترین جۆرەکانی ئەو پێوەندییانە دەڕوات و چاودێری بچووکترین توخمەکانی بینای دەق و ئاماژە لاوەکییەکانیان دەکات)) (Daiches, 1956: 302). لەڕەخنەی ئەدەبیشدا سیما باڵاکانی داهێنانی دەق دەردەکەون، کە خۆیان لە پارچەبەندی ناوەڕۆك و ژینداری فۆرمی دەقدا دەنوێنن، بەتایبەتی کە دەقەکە لە یەکێتی بابەتەوە بەرەو برانچینگی دەڕوات.

### 2-1 تەوەری دووەم: ڕەهەندە تەکنیکییەکانی فۆرمی هۆنراوەی هەڵوێستێك

فۆرمی هۆنراوەی "هەڵوێستێك"(بەرزنجی، 2004: 165-166)، لە هێلکارییێکی کەلێن ئامێزی فرەچەشن پێکهاتووە. چەشنەکانیشی لەنێو چەند ڕستە شیعرێکدا کۆکراونەتەوە، کە هەر یەکێکیان بەپێی پێگەو تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە ڕۆڵی کاریگەرییان لەیەکتربڕی ئەرکی کەسایەتییەکان و ئەنجامی ڕووداوەکاندا هەیە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت، کە ئەو چواچێوەیەی دەقی شیعری تێیدا

دەناسرێتەوە ناونیشانیەکەیەتی. ناونیشانی هۆنراوەی (هەڵوێستێك)یش، بەپێی بژاردە کۆکراوەکانی نێو ڕستە شیعرییەکانیدا دەستنیشانکراوە. بژاردەکانیش لەڕووی پێکهاتەو سیمیۆلۆژییەوە، بە چەندین ئاماژەی کارا و جووڵەی دەنگییەوە بارکراون. بارگەی هەر بژاردەیەکیش بە هێزیکی واتاداری چڕکراو سیخناخکراوەو بەرەو ململانێیەکی توند ئاراستەکراون. لەنێو ئەو ململانێیەیشدا (هەڵوێست) بووەتە هەوێنی تێکهەڵکێشکردنی پێوەندییەکانی نێوان ڕستە شیعرییەکاندا. لە ئەنجامی قۆناغبەندی هەڵوێستەکانیشدا، بەشێنەیی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە وەرگیراوە. ئەو بڕیارە یەکلاکەرەوەیش بۆوەتە چەقی جیابوونەوەو هەردوو کردەوەی دەستبەرداریی کەسی یەکەم و وازهێنانی کەسی دووەم بەپێی هەڵوێستەکانیانەوە هاوسەنگ کردوون. شاعیریش جەخت لەسەر (هەڵوێست)ی کەسی یەکەم دەکات. هەر ئەم تاکە هەڵوێستەیە بووەتە ناونیشانی هۆنراوەکەو بە "هەڵوێستێك" ناونراوەو کراوەتە کلیلی چوونە نێو جومکەکانی دەقەکەوە. بۆ لێکدانەوەی وردەکارییەکانی و ناساندنی شێوە گشتییەکەی، وا پێویست دەکات و ((کارێکی گرنگیشە یەکەم جار دەقەکە بخرێتەڕوو و پاشان کار لەسەر شیکردنەوەی تایبەت بەوەوە بکرێت)) (ابراهیم، 1998: 9). ئەمەش میتۆدێکی سەلمێندراوەو بۆچوونێکی پەسەندە لە گۆتاری ڕەخنەی ئەدەبیدا، بۆیە ئەم تەوەرە تایبەتکراوە بۆ خستنەڕووی فۆرمی بەرجەستەکراوی دەقی هۆنراوەکە. بەشی دووەمیش بەهەردوو تەوەرەوە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی بەها ئیستاتیکییەکان و مەبەستە ژێرییەکانی هۆنراوەکە.

ئەوەی پێوەندی بە تەکنیکییەکانی فۆرمی دەقەکەوە هەیە، لەسەر ڕێچکەی پەنجەیی شیعری خۆماڵی کوردی داڕێژراوەو دیرەکانیشی لەنێو ڕستە شیعرییەکاندا بەم شێوەی خوارەوە پۆلینکراون:

**1- دێیت و ئەڵێی 4 خۆشم ئەوێی 4**

**2- بە ئاسمانی ئەندێشەدا 4+4 باڵی خەیاڵت لێك ئەدەی 4+4**

**3- نەخشەی پاشەڕۆژ دائەنێی 4+4**

**4- منیش تەنیا 4 شیعر و چاوی تۆ شك ئەبەم 4+4**

**5- گیانە شیعریش 4 کراس نی یە لە بەری کەی 4+4**

**6- شیعر نابێتە زێڕ و زیو 4+4 لە سنگ و بەرۆکی بدەی 4+4**

**7- ئەم جیهانە بۆ مرۆڤی 4+4 ویژدان زیندوو نەخوڵقاوە 4+4**

**8- شاعیر چی یە 4 با جیهانیش 4**
**هەمووی پڕکا لە هۆنراوە 4+4**

**9- بڕۆ ببە بە هاوسەری 4+4 مرۆڤێکی ویژدان مردوو 4+4**
**ئەو ئەتوانێ 4 بتکاتە خانمی گەورەی 4+4**
**کۆشك و تەلاری ڕازاوە 4+4**

بونیادی دەقی هەڵبەستەکە بەپێی تویکاری شیعرییەوە لە بیست و یەك دێڕ پێکهاتووەو ئەندازەیان لەسەر ڕێچکەی پەنجەیی هۆنیوەتەوە، کە هەر یەکێکیان لەچوار یانیش دووجار چوار (4+4) بڕگە پێکهاتووەو سەرجەمیان لەنێو نۆ ڕستەی شیعریدا کۆکراونەتەوە. ڕستەکانیش بەسەریەکەوە دەقێکی مەبەستداری تەواوکاریان بەرهەمهێناوە، کە هەر یەکێك لەو ڕستەیانە لەڕووی

ڕۆنانەوە لەسەر بنەمای دیاردەی ڕووداوەکان بەپێی ئەرکی کەسایەتییەکانەوە لەنێو بابەتێکی دەروونی ـ کۆمەڵایەتیی هەڵسەنگێنراودا داڕێژراون. ئەوەی هاوسەنگی پێکهاتەکانی فۆرمی شیعرو مەبەستە هەڵگرەکانیان ڕێکدەخات، یەکبوونی بەشەکانی دەقەکەیەتی. ئەم ڕێکخستنەیش مەبەستی هەر توێژینەوەیەکی ئەدەبییە، کە جەخت لەسەر یەکبوونی پارچەکانی دەق دەکات. لە هەڵسەنگاندنی هەر کارێکی ئەدەبیشدا دەردەکەوێت، کە ((دەتوانێت لەڕێگەی پێوەندییەکانی نێوان بەشەکانیدا یەکبوونی خۆی بەدەست بێنێت یانیش سەرکەتوو نابێت و داهێنانەکەی لەناودەچێت)) (عبدالرحمن، 1979: 60). ئەوەی لە بەشی دووەمیشدا، هەوڵی بۆ دەدرێت پرسی یەکگرتنی بەشەکانی هونراوەی ناوبراوە.

### 2: بەها ئیستاتیکییەکان و مەبەستە ژێرییەکانی هۆنراوەی (هەڵوێستێك)

بەها ئیستاتیکییەکانی سۆزداری و ئاستی مەبەستەکانی ژێری لە هۆنراوەی (هەڵوێستێك)دا، بەپێی هێزی هۆرمۆنیکی توخمەکانییەوە هەڵدەسەنگێنرێن. مەبەست لە هێزی هۆرمۆنیکیش ئەوەیە، کە پێوەندییە ئۆرگانییەکانی نێوان ڕستە شیعرییەکانی دەقدا ڕێك بخات.. ئەو بازنانەی ڕستە شیعرییەکانیش تێدا دەخولێنەوە، زیندوویەتی بە دەقەکە دەبەخشن. ناساندنی زیندوویەتی هۆنراوەکەیش لەڕێگەی توێکاری دەقەوە دەبێت. پرۆسەی تویکاریش هەردوو بونیادی فۆرم و بونیادی ناوەرۆکی دەگرێتەوە: لەمیانی هێلکاری بونیادی فۆرمی دەقەوە، هەوڵدەدرێت بەها ئیستاتیکییەکانی سۆزداری لەڕێگەی کەلێنە تاریکەکان و گۆشە ڕووناکەکانەوە بەرجەستە بکرێن. لەمیانی شیکردنەوەی بونیادی ناوەڕۆکیشەوە ئاستی مەبەستە ژێریی لەڕێگەی ئاوێتەبوونی ئامانجەکانی چەندین ڕێبازی ئەدەبییەوە دەستنیشان بکرێت.

#### 2-1تەوەری یەکەم: بەها ئیستاتیکییەکانی فۆرمی دەق

ئەرکی کەسایەتییەکان لە یەکتربڕی ڕووداوەکانی نێو دەقی هۆنراوەی (هەڵوێستێك)دا، پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان پارچەبەندی برانجینگ و ژینداری شێوازی دارشتنی فۆرمەکەیەتی. ئەوەی پێوەندی بە فۆرمی دەقەکەوە هەیە، دەکرێت بەپێی هەڵچوونەکانی شاعیرەوە هێڵکاری ڕووبەرەکەی بکێشرێت و کەلێنە تاریکەکان و گۆشە ڕووناکەکان لەسەری بەرجەستەکرابن، کە ڕێژەی دابەشبوونی تیشکەکانیان، بەیەکسانی لەسەر هەموو لایەنەکانیان ڕەنگی نەدابێتەوە، بەڵکو بەشێوەی جیا جیا لەنێوان ڕووناکی و سێبەر و تاریکیدا دابەشبووبن و لەڕێکخستنی وردیلە بەشەکانیاندا یەکتریان تەواوکردبێت. پرۆسەی تەواوکرنیش بەپێی چڕی و کاڵی تیشکەکانەوە، ئەرکی کەسایەتییەکان لە یەکتربڕی ڕووداوەکانی سەر ڕووبەری فۆرمی هۆنراوەکە هاوسەنگ دەکات. ئەم هاوسەنگیەیش  لەسەر سێکۆچکەی بازنە دابەشکراوەکانی فۆرمی دەق دەپارێزرێت. سێکۆچکەکەیش لەم سێ بەشەی خوارەوە پێکدێت:

#### 2-1-1ناوەندە ڕووناکییەکەی فۆرمی دەق

هۆنراوەکە لە نۆ ڕستەی شیعری پێکهاتووە، چواریان کەوتوونەتە سەر ناوەندی ڕووبەری هۆنراوەکەو زۆرترین تیشکی خراوەتەسەر و ڕووناکییەکی تەواویان پێ بەخشیوە و ڕووداوەکان بە جوانی بەدی دەکرێن، کە ڕستە شیعرییەکانی یەکەم و چوارەم و هەشتەم و نۆیەم تێیدا کۆکراونەتەوە. هەر ڕستەیەك لەو چوارانە، هەنگاوێك دەنوێنێت و هەر چواریان پێکەوە دەقێکی دیکەی بچووکیان بەرهەمهێناوە، کە هەمان مەبەستی دەقە ڕەسەنەکەی هەڵدەگرێت، بەڵام لە فۆرمێکی نوێداو بەم شێوەیەی خوارەوە:

-لەڕستەی شیعری یەکەمدا، دیمەنی دیداری دوو یار دەگێڕێتەوە. بە شێوەیەکی هونەری وا وێنەکراوە، کە زەمەن تێیدا ونبووە. کەسی یەکەم چاوەڕێ دەکات و هەر لەسەر زاری ئەوەوە بۆچوونی کەسی دووەم دەگێرێتەوە، کە بەپیرییەوە دێت و بڕیاری خۆی دەدات:

**دێیت و ئەڵێ ی** **خۆشم ئەوێ ی**

-لەڕستەی شیعری چوارەمدا، کەسی یەکەم پێشوازی لە خۆشەویستییەکەی دەکات. بە گەرمی شادبوونی خۆی دەردەبڕێت. وا پیشاندەدات، کە خۆشەویستیی ئەو لەسەرەوەی هەموو شتێکە. عشقێکە ئەوەندە بەرزە، کە شك نابەت شتێکی دیکە لەو ئاستەدا بێت، جگە لە شیعر، کە زۆر خۆشی ویستووەو هێشتا گیرۆدەی ئەوەو دەستبەرداری نابێت. دوالیزمی ئەم هەڵوێستە ململانێ لەنێوان دوو جۆرە خۆشەویستیدا دروست دەکات:

**منیش تەنیا** **شیعر و چاوی تۆ شك ئەبەم**

-لەڕستەی شیعری هەشتەمدا، کەسی دووەمر لەنێوان ململانێی دوو خۆشەویستیدا بەرگەناگرێت. ئەو ڕاستییە دەزانێت، کە دوو جۆر خۆشەویستی لەهەمان کاتدا و بۆ هەمان کەس ئەستەمە پێکەوە بەردەوام بن. ئخۆشەویستی دووەمر ناتوانێت جێگەی یەکەمیان بگرێتەوەو مسۆگەر بارسەنگەکە بەرەو خۆشەویستی جاران دەشکێتەوە، بۆیە بەتوندی ڕکابەرەکەی ڕەتدەکاتەوەو سووکایەتی بە بەرانبەرەکەیشی دەکات، کە وەك دیلی پێوەندییەکی بێ بەها ماوەتەوەو هەموو تواناکانیشی لەپێناو ئەو ئامانجە تەرخانکردووە، کە دەیەوێت پێوەندییان لەنێو ویژدانێکی زیندوو بمێنێتەوەو ژیانی خۆشەویستەکەیشی بە شیعری جوان بڕازێنێتەوە. لایەنی بەرانبەریش پێچەوانەی ئەو بیردەکاتەوە، کە باڵاترین پێگەی ژن ئەوەیە، کە لەنێو کۆشك و تەلارێکی ڕازاوەدا ژیانی خۆی دابین بکات:

**شاعیر چی ی با جیهانیش**

**هەمووی پڕکا لە هۆنراوە؟..**

-لەڕستەی شیعری نۆیەمدا، کە دوا ڕستەیە، شاعیر تێیدا بڕیاری خۆی دەدات و دەستبەرداری بەهرەی شیعری نابێت. نایەوێت لەنێو ژیانێکی ویژدان مردوودا خۆشەویستی بکات:

**بڕۆ ببە بە هاوسەری مرۆڤێکی ویژدان مردوو**

**ئەو ئەتوانێ بتکاتە خانمی گەورەی**

**کۆشك و تەلاری ڕازاوە**

هەر چوار ڕستە شیعرییەکانی سەرەوە، بەسەریەکەوە فۆرمێکی ناوەکی لە ناخی ڕووبەری هۆنراوەکەدا بەرهەمهێناوە، کە لە دیالۆگێکی دراماتیکی نێوان دوو کەسایەتی (کچێك و شاعیر) دا پێکهاتووەو بەمر شێوەیەی خوارەوە:

**کچ: خۆشمر ئەویێ ی**

**شاعیر: منیش تەنیا**

**شیعر و چاوی تۆ شك ئەبەمر**

**کچ: شاعیر چی یە**

**با جیهانیش**

**هەمووی پڕکا لە هۆنراوە؟..**

**شاعیر: بڕۆ ببە بە هاوسەری**

**مرۆڤێکی ویژدان مردوو**

**ئەو ئەتوانێ**

**بتکاتە خانمی گەورەی**

**کۆشك و تەلاری ڕازاوە**

لەبازنەی ناوەندی ڕووناکی سەرەوەدا، پارچەبەندێکی برانچینگ لە هاودەقێکی سەربەخۆ پێکهاتووە، مەبەستەکەیشی لە ئەنجامی ئەو دیالۆگەی لەنێوان دوو خۆشەویستدا بەرهەمهاتووە، کە هەڵوێستیان هاودژبووەو لەدوو ڕووداوی یەکتربڕدا بڕیاری تاکلانەیان هەڵبژاردووە.

#### 2-1-2 بازنەی لاوەکی سیبەر

ئەو تیشکانەی بەشێوەیەکی سووکتر دەگەنە دەرەوەی سنووری بازنەی ناوەندی دەقی هۆنراوەکەو چوارچێوەیەکی خولەمێشی لەدەوریدا دروست دەکەن. بەپێی تەکنیکی پۆلینکردنی ڕووبەری دەقەکەیش، ئەو چوارچێوەیە وەك بازنەیەکی سیبەر خۆ پیشاندەدات و سێ ڕستەی شیعری لەخۆدەگرێت. دووەمر و سێیەمر و حەوتەمر. لە دووەمر و سێیەمدا، شاعیر باری دەروونی خۆشەویستەکەی لە پارادۆکسێکی نەرێنیدا دەخوێنێتەوەو جەمسەرەکانیشی لەنێوان گومان و نەزانیندا تێکهەڵکێش دەکات:

**بە ئاسمانی ئەندێشەدا**

**باڵی خەیاڵت لێك ئەدەی**

**نەخشەی پاشەڕۆژ دائەنێی**

لێرەدا لێهاتوویی شاعیر دەردەکەوێت، کە ئەو بوارە نەشازە لە دەرەوەی بازنەی ناوەندی ڕووناك داناوەو بەدروستی ڕووناکی نەخراوەتەسەری: لەبەر دووری کردەوەکەو بەرجەستەنەکردنی نەخشە داڕێژراوەکەی، کە لەنێو پلانێکی ئەندێشە ئامێزدا بەرەو پاشەڕۆژێکی نادیار دەڕوات و قۆناغەکانیشی لەسەر ئەو گریمانە بنیاتنراوە:

**ئەم جیهانە بۆ مرۆڤی**

**ویژدان زیندوو نەخوڵقاوە**

لەنێو دوودڵی و شڕە هەڵوێستەکانی لایەنی بەرانبەردا، ئەرکی ڕاستەقینەی شاعیر دەردەکەوێت، کە لەسەر  زاری کەسی یەکەمەوە ((دەتوانێت ئەزموونەکانی دووبارە ڕێك بخاتەوەو هێزی پاڵنەرە بەگژیەکداچوونەکانیشی کۆبکاتەوە، کە هەندێك ڕێگری لە هەندێکی دیکە دەکەن و بوارێکی هاوسەنگ و جێگیر لێی دروست بکات)) (ریتشاردز، ا. ا1928) ، 313 .((ئەم بوارە هاوسەنگ و جێگیرەیش، کەم جار لە شیعردا دەردەکەوێت، بەڵام لەسۆنگەی ڕکابەرییەکی توندەوە شاعیر توانیویەتی ئەو جوداوازییەی لەنێوان هاوسەنگی و جێگیربووندا هەیە، لەنێو هەڵچوونەکانیدا کاڵ بکاتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە لەنێو مێشکیدا ون ببێت.

### 3-1-2 گۆشە تاریکەکانی قەراغی دەق

لەگۆشە تاریکەکانی قەراغی ڕووبەری گشتی هۆنراوەکەدا، هەردوو ڕستەی شیعری پێنجەم و شەشەم تێدا شاراونەتەوە، کە لە بنەڕەتدا بۆ لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی پێگەو گرنگی شیعر هێناونەتەوە. هەوڵدەدات ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت، کە شیعر ویژدان بەزیندوویی دەهێڵێتەوەو دەتوانێت ببێتە جێگرەوەی زێڕو زیوی ڕازاندنەوەی باڵای کچان، بەڵام کچەکە پێکهاتەو دەرهاوێشتەکانی شیعر بە وردو درشتییەوە ڕەتدەکاتەوەو بڕوای بە ویژدان نییەو مکوڕی لەسەر شتی بەردەستی هەستپێکراو و بۆچوونی پەسەندکراوی هەنوکەیی دەکات. ئەم بڕیارە سادە و بێ بنەمایە شاعیری تووشی شۆك دەکات و لە هونەرەکانی شیعر دووردەکەوێتەوەو بە ڕاشکاوی  وەڵامە سادەکەی لەنێو گۆشە تاریکەکاندا دەشارێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە پرسیارگەلێك و ئاراستەی خوینەری هۆشیار بکرێت:

**گیانە شیعریش**

**کراس نی یە لە بەری کەی**

**شیعر نابێتە زێڕ و زیو**

**لە سنگ و بەرۆکی بدەی**

لەبەر سستی و لاوازی بەڵگەدارییەکانی هەردوو ڕستەی شیعری سەرەوە، یانیش بڕوانەبوونی کەسی دووەم بەو ڕاستییەی، کە لای شاعیر سەلمێنراوەو جەختی لەسەر دەکات و دەستبەرداریشی نابێت. ئەگەر ئەم بۆچوونە بەدیدی تیۆری لاساییکردنەوە بهەڵسەنگێنرێت، ئەوە هەندێ ڕاستی تێدا هەیە، بەڵام شاعیر مەبەستە هونەرییەکەی لەژێر ئەو هەردوو ڕستەدا شاردوتەوە، کە نە تەنیا ڕەخنەگر، بەڵکو خوێنەری هۆشیاریش دەتوانێت چەندین نهێنی نەدرکاو لێی بهەڵنجێنێت و وەك وێنە شیعرییەکانی هەردوو بازنەی ڕووناك و سیبەر چێژ لە کاریگەرییەکانیان وەربگرێت و واتا نەدرکاوەکانیشیان تێبگات، کە کەسی یەکەم ڕازی نابێت کەرستەکانی خۆڕازاندنەوە بکرێنە جێکەرەوەی شیعر. لە ئەنجامی ئەم ململانێیەی توند لەنێوان شیعر کە نیشانەیە بۆ داهێنان و زێڕو زیو کە نیشانەیە بۆ مشەخۆری دا، هەردوو لایەن بڕیاری دژیەك وەردەگرن و لەیەکدی جیادەبنەوە. ئەم وێنە شاراوەی پشت ڕستەکانی بازنەکە، دەبنە بەشێکی سەرەکی لەچوارچێوە گشتییەکەی(Plot) ی فۆرمی دەقی هۆنراوەکە.


شاعیر مەبەستەکانی لەنێو سێ بازنەی یەك لەیەکی گەورەتردا جێگیرکردوون. لەبازنەی یەکەم و دووەم دا، وەك دوو تابلۆی بینراوی بەرجەستەکراو وێنە ئاوێتەکانیان بەوشە کێشراون. لە بازنەی سێیەمیشدا، تابلۆیەکی ئاوێتەیی نادیار بەپێی ڕێژەی هۆشیاری خوێنەرەوە هەست پێ دەکرێت. لەم سێ تابلۆیەدا؛ شاعیر ڕووبەری فۆرمی هۆنراوەکەی پێ دەستنیشانکردووە:

-تابلۆی یەکەم، بازنەی ناوەندە کە بازنەیەکی بچووکەو تیشك خراوەتە سەری و بۆچوونە سەرەکییەکانی تێدا چڕکردۆتەوەو هۆکارو دەرئەنجامەکانیشیان بەڕوونی دەربڕیوون.

-تابلۆی دووەمر لەو بازنەدا کۆکراوەتەوە، کە لە دەوری ناوەند خوڵاوەتەوەو مەبەستە لاوەکییەکانی تێیدا بەرجەستەکراون و وەك بازنەیەکی سیبەر دیارە.

-تابلۆی سێیەمر، کە وەك بازنەیەکی چێوەیی لە قەراغەکانی ڕووبەری هۆنراوەکە دەوریداوە. چەندین گۆشە بچووکەکانی لەخۆگرتووە، کە بەرێژەیەکی کەمتر تیشکیان خراوتەسەرو لەنێو پەڵە تاریکەکاندا قەتیسکراون و بە ئەستەمر هەست بە هەبوونیان دەکرێت. لەو گۆشە تاریکەکاندا چەندین بیرۆکەی پاڵپشت بۆ مەبەستە لاوەکییەکان تێیدا جۆشدراون، بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی ڕوونکەرەوەیان هەبێت و بخزێنە نێو کەلێنەکانی بازنە سێبەرەکەو هێزێکی زیاتر بە توانای مەبەستە لاوەکییەکان ببەخشن.

بەپێی قەوارەی بەرکەوتنی تیشکەکان و هێزی هاوێژتنیان، ڕووناکیی بازنەی ناوەند دەدرەوشێتەوەو ڕێڕەوی بەرەو سیبەری بازنەی دووەمر دەڕوات و تا دەگاتە گۆشە تاریکەکانی قەراغی ڕووبەری هۆنراوەکە، بەهەمان ڕێچکەوە، بیرۆکە بچووکەکانیش لە گۆشە تاریکەکانی قەراغەوە بەرەو بازنەی سیبەر دێن و دواتر دەخزێنە نێو هزری سەرەکی ناوەندەوەو ڕامانێکی پرسیارئاسا بە شێوازی دەربڕینی هۆنراوەکە دەدەن. بزاڤی تیشکدەری هێڵی یەکەمر و ڕامان هەڵگری هێڵی دووەمر و وێنە شاراوەکانی هێڵی سێیەمر لە چوون و هاتندا بەردەوامن و سیمای هەرە زیندوویی ڕووبەری فۆرمی هۆنراوەکە پێکدێنن، هەر وەکو لەمر هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە:



لەمیانی شیکردنەوەی ڕووبەری هەر سێ بازنەی نێو دەقدا، کە لە بەشی یەکەمدا ڕوونکراونەتەوە، کاریگەری هەڵویستی کەسایەتییەکان لەسەر ئاڕاستەکردنی ڕێڕەوی ڕووداوەکان هەبووەو بەپێی ئەو ئەرکەی پێیان سپاردبوو، کردەوەی هاودژیان ئەنجام دابوو، کە بە دیدارێکی گەشبینەوە دەستپێ دەکردو لەنێو کەشێکی گوماناویدا باس لە خۆشەویستییێکی ناهاوسەنگ دەکرا. بەپێی پاشخانی هزری هەر لایەنێکەوە بڕیار لە هەڵبژاردنی جۆری ژیانی داهاتووی خۆی دەدرێت. ئەم فرە چەشنە لە بۆچوونەکان و یەکتربڕی لە هەڵویستە هاودژەکاندا لەگەڵ بیرکردنەوەی شاعیر یەکتردەگرنەوەو ئاستی ڕۆشنبیریشی دەردەخەن، کە لەڕووی هونەرییەوە ئاگاداری ژانرەکانی ئەدەبییەو لەڕووی کۆمەڵاتییەوە شارەزایی لە ململانێی چینایەتیدا هەیەو لەڕووی دەروونیشییەوە بە ئاسانی لە ناخی مرۆڤدا شۆڕدەبێتەوە، بۆیە ڕەگەزەکانی دەقەکەی لەنێو جومگەکانی چەندین ڕێبازی ئەدەبیدا تێکەڵاوکردوون، بۆ نموونە:

2-2-1 لە ئەنجامی یەکتربڕینی ڕووداوە بچووکەکاندا، دۆخێکی نوێ دروستبووەو لەنێو ڕووداوێکی گەورەتردا بەرجەستەکراون و تێیدا دوا دیمەنی چارەنووسی پێوەندی نێوان دوو کەسایەتیدا وێنەکراوە، کە هەردوو لایەن بەبێ ئەوەی ئازاری یەکتر بدەن، هاوتەریب لە ڕێڕەوی ژیانیاندا بەردەوام دەبن. ئەمەیش کرۆکی ئایرۆنی ڕۆمانسییە، کە ((تەکنیکەکەی دەبێتە پێوەرێك و ڕێبازە ئەدەبییەکەی پێ دەستنیشان دەکرێت)) (قەرەنی، 2012: 388). هەر سێ قۆناغی وروژاندن و داڕمان و پاشان ژیانەوەیەکی خوازراوی باشتر سێ ویستگەی ناوەڕۆکی دەقەکەنە، کە بە خۆشەویستی دەستپێکراو دواتر پێوەندییان بەرەو هەڵوەشاندنەوە ڕوویشت و هەردوو لایەن بە ئازادی پێوەندییان بڕی و کۆتاییان بە خۆشەویستییێکی ئامانج جودا هێناو سەرلەنوێ ژیانێکی دیکەیان دەستپێکرد. ئەمەش هاوتەریب لەگەڵ هەر سێ جۆرەکانی زەمەن (ڕابردوو، ئێستا، ئاینده) تێکەڵاو دەبێت. لە تێکەڵاوبوونی جۆرەکانی هەر شتێکیشدا، هەموو جۆرەکان دەتوێنەوەو ون دەبن. لە ئەنجامدا هیچ جۆرەك لە ئارادا نامێنێت و پێکهاتەیەکی نوی دروست دەبێت... لە ڕابردوودا خۆشەویستییەکی یەك لایەنی هەبووە و لەنێو ئەو کارو ڕەفتارانەی لەسەری ڕێککەوتبوون دەبوایە جێبەجێ بکرێت، کەواتە زەمەنی ڕابردوو بنەمایەك بوو و هەموو کارەکانی دیکە ل سەری بینادەکران. ئەم هاوکێشەیەی زەمەنی ڕابردوو لە هۆنراوەی (هەڵوێستێك) دا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو ئێستا دلدارەکە وەك لایەنی یەکەم دێت و سۆزو خۆشەویستی خۆی (زەمەنی ڕابردوو) بۆ لایەنی دووەم دەدرکێنێت (زەمەنی ئێستا)، بەڵام لایەنی دووەم بە مەرج قەبووڵی دەکات و لایەنی یەکەمیش مەرجەکە ڕەد دەکاتەوەو دوو هەڵویستی شکۆئاسا بەرانبەر یەکتردا دەوەستن و لە ئەنجامدا لەیەکتر دادەبڕێن (زەمەنی داهاتوو) و ئایندەی ئەو خۆشەویستییەی دەبێتە ((هیچ)) و ئەم هیچەش بە واتای تۆمارنەکردنی .

2-2-2 ناوەڕۆکی دەقەکە لە دەوری ڕووداوێکی سەرەکی دەخولێتەوە، کە پێوەندی خۆشەویستییە لەنێوان دوو دڵداردا چەندین ڕووداوی دیکەی لاوەکی تێکەڵی بوونە و ئەم و ((تێکەڵی یەکدی بوونە مانای ئەو شیعرە ئەدەن بەدەستەوەو لە ئاکامدا هەر بەهۆی ئەم تێکەڵاویەوە بووناسییەکی تایبەت ئەدەن بەو شیعرە)) (سەجادی، 2004: 71). لەم بووناسییە تایبەتییەشدا داهێنانی دەق بەرەو ئاڕاستەکردنێکی یەکلاکەرەوە دەبەن و بوارێکی گونجاو دەرەخسێنن بۆ ئەوەی کەسایەتییەکان بەویستی خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆ بدەن.

2-2-3 شاعیر سۆزی فەرامۆش دەکات و لە پێناو بەهرەکەیەوە دەستبەرداری خۆشەویستییەکەی دەبێت و بایەخ بە ئەرکەکەی دەدات و لە پێشەوەی سۆزی دادەنێت. ئەمەیش یەك لە پرەنسیپەکانی ڕێبازی کلاسیکییە، کە پێڕەوکارانی لەم ڕێیەوە هەوڵی نەمری بەرهەمەکانیان دەدەن بۆ ئەوەی لە هەموو شوێن و زەمەنێکدا بە کەڵك بێن.

2-2-4 شوێنی ڕووداوە سەرەکییەکە دیار نییە، بەڵام لەمیانی دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەی دڵخوازی کەسایەتیی دووەمە، پێکهاتووە لە: ((کۆشك و تەلاری ڕازاوە))، لەڕێگەی ئەوەوە شوێنی ڕووداوە سەرەکییەکەیش دیاردەبێت، کە پێچەوانەی شوێنی ڕووداوە خوازراوەکەیەو خانوویەکی ئاساییەو ئەو پێداویستییانەی لەتەلارە ڕازاوەکاندا هەن لەو خانووەدا نین. ئەم دەستنیشانکردنە ناڕاستەوخۆیەیش ((شتێکە بۆ توانای هونەرمەندەکە دەگەڕێتەوە کە دەکرێت ببێتە وێنەیەکی جوان)) (میوبك، 1987: 63). لەم بەراوردکرنەی لەنێوان دوو بواری هاودژدا، کە لەڕێگەی یەکەمەوە، خوێنەر دەتوانێت ئەوی دووەمیش لە مێشکی خۆدا وێنە بکات. ئەمەیش ئاستێکی باڵای هونەری ئایرۆنییە. لەم ڕووەوە شاعیر دەرفەت بە خوێنەر دەدات، کە ئەو دیمەنە جوانە لە مێشکی خۆیدا وێنە بکات.

2-2-5 لەبەر ئەرکی کەسایەتیی یەکەم، کە شیعر نووسینە، کەسایەتیی دووەم خۆشەویستییەکەی ڕەتدەکاتەوە، بەڵام شاعیر تووشی تێکەڵبوونی شوێنەکان (Displacement) دەبێت و وا دەزانێت نیازی بەرانبەر تەلاری ڕازاوەیە. ئەمەش حاڵەتێکی نەستییەو خۆی لە زیندە خەوندا دەنوێنێت و ئەو قسانەی شاعیر دەیکات پێوەندی بە ڕووداوی جودابوونەوە نییە، بەڵکو خۆبایی بوون و

لووتبەرزی پێوە دیارە، کە ئەوەی نزیکی خەونەکانی ئەو نەبێت و شیعری خۆش نەوێت ویژدان مردووەو چێژ لە ژیان وەرناگرێت. ئەمەش بۆچوونێکی سۆریالییە، کە کەسێك بەتەواوەتی لە خەوندا بژیت و واقیعێکی بەرجەستەکراو بە هەموو پێداویستییەکانی ژیانێکی خۆشگوزەرانییەوە ڕەت بکاتەوە.

### 3- ئەنجام

1-3 ڕووبەری دەقی برانچینگ بەپێی شوێنی ڕووداوەکانەوە بۆ سێ بازنەی تەواوکەری یەکترەوە دابەشدەکرێت. بازنەی یەکەم کە سەنتەرەکەیەتی بە بەشی ڕووناك دادەنرێت و ڕووداوە سەرەکییەکە لێ ئەنجام دەدرێت. بازنەی دووەم کە لەدەوری سەنتەرەکەیە بەبەشی سێبەر دادەنرێت و ڕووداوە لاوەکییەکان لێی ئەنجام دەدرێن. بازنەی سێیەمیش کە قەرەغەکانی ڕووبەری دەقەکە دەگرێتەوە بەبەشی تاریك دادەنرێت و تەنیا کاریگەری ڕووداوە لاوەکییەکانی بەدیاردەکەون.

2-3 دەقی هۆنراوەی برانچینگ لەڕووی هونەری ڕەوانبێژییەوە کەلێنێکی هاوتەریب لەنێوان زاراوەو چەمکەکەیدا دروست دەکات. لەڕووی ئەرکیشەوە کاریگەری لەنێوان یەکتربڕی پێگەی کەسایەتیەکان و جۆری ڕووداوەکان هاوسەنگ دەکات. لە ئەنجامی لێکدانەوەی هەردوو لایەنیشدا دەقێکی ئەدەبی داهێنان ئاسا بەرهەم دەهێنرێت.

3-3 لەدەقی ئەدەبی سەرکەوتوودا، دەکرێت ناوەڕۆکەکەی بۆ چەند پارچە دەقێکی بچووکتر بهەڵوەشاندرێتەوەو هاودەقێکی سەرەکی لێی بەرهەم بهێنرێت. لەم پرۆسەیەدا یەکێ لە پارچەکانی دەبێتە سەنتەرو ئەوانی دیکە لە دەوری دەخولێنەوەو لەجووڵانەوە بەردەوامەکەیاندا زیندوویەتی بە دەق دەدەن.

4-3 ئاستی گفتوگۆی کەسایەتییەکان، بەپێی ڕێژەی ڕووناکی بازنەکانی ڕووبەری دەق ئەنجام دەدرێن. لەبازنەی ڕووناکی سەنتەردا بە دیالۆکە و لەبازنەی سێبەردا بە مەنالۆکە و لەبازنەی تاریکدا خۆی لەبێدەنگییەکی پرسیار ورووژێنەردا دەبینێتەوە.

### سەرچاوەکان:


**بەزمانی کوردی**

- بەرزنجی، فەرەیدوون عەبدول (2004)، بەرگی یەکەمی دیوان، چاپخانەو ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی.
- سەجادی، بەختیار و محەمەد مەحموودی (2004)، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی (ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی) ـ کوردی ئینگلیزی، ب1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- قەرەنی، ئەحمەد محەمەد (2012)، ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری کوردیدا (1925- 1970)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر
- ناوخۆش، سەلام (2006)، فەرهەنگی دوانەی ئۆکسفۆرد ـ ئینگلیزی ـ کوردی/ کوردی ئینگلیزی، پێداچوونەوەی محەمەد هەریری، چ3، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان (2006)، زاراوەی ئەدەبی ـ کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**بەزمانی عەرەبی:**

- ابراهیم، عبدالله و صالح هویدی (1998)، تحلیل النصوص الأدبیة ـ قراأت نقدیة فی السرد والشعر، دار الکتاب الجدید المتحدة، بیروت.
- اسماعیل، د. عزالدین (ب. ت)، التفسیر النفسی للأدب، ط4، دار غریب للطباعة، القاهرة.
- الحجازی، مدحت عبدالرزاق (2012)، معجم مصطلحات علم النفس (عربی ـ إنکلیزی ـ فرنسی)، دار الکتب العلمیة، بیروت.
- الحسین، أ. د قصی (2009)، سوسیولوجیة الأدب ـ دراسه الواقعة الأدبیة علی ضوو علم الإجتماع، دار ومکتبه الهلال للطباعة والنشر، بیروت.
- عبدالمطلب، د. محمد (1994)، البلاغة والاسلوبیة، دار نوبار للطباعة، القاهرة.
- رتشاردز، ا. ا (1028)، مبادیو النقد الأدبی، ت: د. مصطفی بدوی، د. لویس عوض، المؤسسة المصریة العامة للتألیف والترجمة والطباعة والنشر، القاهرة.
- وغلیسی، د.یوسف (2008)، إشکالیة المصطلح فی الخطاب النقدی العربی، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت.
- مندور، د. محمد (2006)، الأدب وفنونه، گ4، شرکه نهچه مصر للگباعه والنشر والتوزیع، القاهره.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

- Alkhuli, Dr. Muhammad Ali (1991), A Dictionary of Theoretical Linguistics: English - Arabic, New Impression, Librairie du Libanon, Beirut.
- Baalbaki, Munir (1999), AL- Mawrid- A Modern English – Arabic Dictionary, ed.33, Dar EL-ILM LIL-Malayen, Beirut.
- 16- Daiches, David (1956), Critical Approaches to Literature, Longmans, Green and Co LTD, London.
- Ghazala, Dr. Hasan Said (2000), A Dictionary of Stylistics and Rhetoric – English – Arabic, ELGA Publications, Valletta – Malta.
- Muecke, D.C (1970), Irony, 1st ed., London.
- Wellek, Rene and Austin Warren (1980), Theory of Literature, Pelican Books, London.

**تأثير تقاطع الشخصيات مع نوعية الأحداث على النص المتشعب**

**قصيدة ( موقف) للشاعير فريدون عبدول برزنجي انموذجا**



| عبدالله رحمن عولا | احمد محمد مام عثمان |
|---|---|
| قسم اللغة الكورديه،كلية التربية مخمور،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق | مستشار تربوي متقاعد |
| abdulla.awla@su.edu.krd | **ahqarani55@gmail.con** |



**ملخص**

يتناول البحث ظاهرة التشعب (برانجينك) للشكل الفني في القصيدة السردية، تتمخض منها بنية تفاعلية تدور أحداثها من خلال تقاطع مع ما يجري من تناول الحوارات بين الشخصيات المشاركة في العمل الفني أو التي لها تأثير على نتائجه، أو كما يبتغيه الشاعر في المحافظة على التوازن بين انزياح المعادلات المختلة في المضمون و تسلسل ايقاع أسطر العبارات الأيحائية ضمن الصراع الدائر على المساحة المسموحة بها للشكل المتضمن لثلاث دوائر متسلسلة تتباين من حيث الشكل و تختلف في الموضوع الذي تشغله, الدائرة المركزية و هي المنطقة الساطعة يجري فيها الحدث الرئيسى للقصيدة. الدائرة الثانية وهي المنطقة المظللة التي تتمحور خول المركز و تجري فيها الأحداث المساندة الدائرة الثالثة وهي المنطقة الداكنة المبهمةو المثيرة للتساؤلات التي تشغل مخيلة القارئ. من أجل تحليل ظاهرة التشعب و توضيح مقاصدها ضمن تلك الدوائر. ارتأينا تطبيقها على قصيدة (موقف) للشاعر فريدون عبدول برزنجي .

يتكون البحث من قسمين: يشمل القسم الأول محورين، الأول يهتم بالجانب النظري للموضوع.و يقدم تعريفاً لمصطلح النص المتشعب و مفهومه و موقعه في الخطاب النقدي الأدبي و دلالاته اللغوية و الفنية و ثم علاقته المباشرة مع المتلقي. يركز المحور الثاني على الأبعاد الفنية لقصيدة (موقف) وتشريح بنيتها و تبيان الأوزان المتناسقة لمضمون أسطرها في مجموعة جملها الشعرية. وفي القسم الثاني محوران: الأول يركز على البنية الفنية للدوائر الثلاثة لقصيدة (موقف) و ما فيها من فروع مختلفة و مؤتلفة في تناسق متكامل المقاصد, ويأكد المحور الثاني على مضامين الفروع المتشعبة التي تتلاقى خصائصا مع مذاهب أدبية مختلفة وهي الميزة التي يتفرد بها النص المتشعب (برانجينك) للقصيدة السردية.

**الكلمات المفتاحية:** شخصية, حدث, تفريع، الدائرة المضيئة، الدائرة المظلة، الدائرة الداكنة.

**The Impact of the Intersection of Characters and the Nature of Events on the Branching Text the Poem (Mawqif) by the Poet Fereydoun Abdul Barzanji is an Example**

**Abdullah Rahman Awla**
Department of Kurdish Language, College of Education- Makhmur, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
abdulla.awla@su.edu.krd

**Ahmed Mohamed Mam Othman**
Retired educational consultant
ahqarani55@gmail.com

**Abstract**

The research deals with the phenomenon of bifurcation (branching) of the artistic form in the narrative poem, which results in an interactive structure whose events take place through an intersection with the dialogues that take place between the characters participating in the artistic work or that have an impact on its results, or as the poet seeks to maintain the balance between The shifting of the imbalanced equations in the content and the sequence of the rhythm of the lines of suggestive phrases within the ongoing struggle over the space allowed for the form, which includes three sequential circles that vary in form and differ in the topic they occupy. The central circle is the bright area in which the main event of the poem takes place. The second circle is the shaded area centered around the center and the supporting events takes place. The third circle is the dark, ambiguous area that raises questions that occupy the reader’s imagination. In order to analyze the phenomenon of bifurcation and clarify its purposes within those circles. We decided to apply it to the poem (Masquf) by the poet Fereydoun Abdul Barzani.

The research consists of two parts: The first section includes two axes, the first is concerned with the theoretical aspect of the topic. It provides a definition of the term hypertext, its concept, its place in literary critical discourse, its linguistic and artistic connotations, and then its direct relationship with the recipient. The second axis focuses on the artistic dimensions of the poem (Mawqif), dissecting its structure, and demonstrating the consistent weights of the content of its lines in a group of its poetic sentences. In the second section, there are two axes: the first focuses on the artistic structure of the three circles of the poem (Mawqif) and the different branches in it that are combined in a harmonious and integrated manner. The second axis emphasizes the

contents of the branched branches that converge in characteristics with different literary schools of thought, which is the feature that is unique to the branched text. (Prangink) for narrative poem.

**Keywords:** Character, Event, Branching, Luminous Circle, Shadow Circle, Dark Circle

.